
# پیاوێك له خۆم

حەمە کاکەڕەش



**ئەستەمە بتوانی**
**وەک چۆن بڕژێیتە تابلۆیەکەوە**
**ئاوا لە خۆت بڕوانی**
**ئەم هەموو دژە چییە لە تۆدا کۆبوونەتەوە**
**ئەم هەموو باڵندەیە چییە لە تۆ دا**
**هەر یەکەو بەئاوازێک دەخوێنن**
**هەر یەکەو بە ئاراستەیەک ئەفڕن**
**هەر یەکەو بە ڕەنگێک شت ئەنووسن**
**ئەم هەموو ڕێگایە چییە لە تۆدا**
**هەر ڕێگاو ئەتبەنەوە بۆ شارێکی خەیاڵ**
**هەر ڕێگاو ئەتبەنەوە بۆ مەنزڵێکی بەتاڵ**
**ئەم هەموو دەرگایە چییە لە تۆ دا**
**دەرگایەک بەڕووی گوڵدا ئەکرێتەوە**
**دەرگایەک بە ڕووی گوماندا**
**دەرگایەک بەڕووی گریاندا**
**ئەم هەموو پەنجەرەیە چییە لەتۆ**
**پەنجەرەیەک بۆ باخچە ئەڕوانێ و**
**پەنجەرەیەک بۆ سەرگەردانی**
**ئەم هەموو ئاسمانە چییە لە تۆدا**
**ئاسمانیک سەوزە گیاو**
**ئاسمانێک سێبەرو**
**ئاسمانێک پەشیمانی**
**ئەم هەموو دەریا چییە لە تۆدا**

دەریایەک تریفەو
دەریایەک سادەیی و
دەریایەک شپرزە بوون
ئەم هەموو باخچەیە چییە لە تۆدا
باخچەیەک هەڵوەرین و
باخچەیەک ئاگر
ئەم هەموو کۆڵانە چییە کە تۆدا
کۆڵانێک نیگەرانی
کۆڵانێک مناڵ
کۆڵانیک تەنیایی
کۆڵانێک کۆتر
ئەم هەموو عەشقە
چییە لە تۆدا
عەشقێک بۆ ژن
عەشقێک بۆ مەستی
عەشقێک بۆ ژیان
عەشقێک بۆ پەستی
ئەم هەموو شەڕە چییە لە تۆدا
شەڕی قەدەرو
شەڕی نەگبەتی و
شەری بەرەڵایی
ئەم هەموو حەزە چییە لە تۆدا
حەزێک بۆ فڕین
حەزیک بۆ مردن
حەزیک بۆ ڕژان
حەزێک بۆ گریان
ئەم هەموو ئاوێنەیە چییە لە تۆدا
لە ئاوێنەیەکدا باران دەبارێ و
لە ئاوێنەیەکدا ئاگر دەکەوێتەوەو

له ئاوێنەیەکدا بیابان دەبینی و
له ئاوێنەیەکدا جوان دەبیتەوە
ئەم هەموو ئەستێرەیە
چییە لە تۆدا
ئەستێرەی یادگاری و
ئەستێرەی نا ئومێدی و
ئەستێرەی کاڵ فامی
ئەم هەموو خەیاڵە چییە لە تۆدا
خەیاڵی تەڕ بوون بە بەرد
خەیاڵی سووتان بە ئاو
خەیاڵی شکان بە ژن
ئەم هەموو سەفەرە چییە لە تۆدا
سەفەری باخچە
سەفەری ئاسمان
ئەم هەموو یادگاریە چییە لەتۆدا
یادگاری باران
یادگاری . با.
یادگاری مناڵی
یادگاری چۆلەکەکان
یادگاری وێنە
یادگاری ڕێگا
یادگاری کتێب
ئەم هەموو بەفرە چییە لەتۆدا
بەفری تووڕەیی
بەفری خەمباری
بەفری چاوەڕوانی
ئەم هەموو پردە چییە لە تۆدا
پردی پەپوولەکان
پردی هەناسەکان

پردی دەستەکان
ئەم هەموو دژە چییە لە تۆدا
لایەکت تاریکی و
لایەکت هەتاو
لایەکت منالّی
لایەکت پیرییە
لایەکت بەستەڵەک
لایەکت سووتاوە
لایەکت گەمژەیی و
لایەکت ژیری یە
لایەکت پەپوولە
لایەکت جەلادە
لایەکت جوانیەو
لایەکت وێرانە
لایەکت ئاگرو
لایەکت بارانە
لایەکت بەردو
لایەکت ئاوە
لایەکت بەختیاری
لایەکت شکاوە
لایەکت دابڕان
لایەکت ژووانە
لایەکت خۆڵەمێش
لایەکت پشکۆیە
لایەکت دەریایەو
لایەکت بیابانە
لایەکت پێکەنین
لایەکت گریانە
لایەکت خامۆشی و

**لایەکت زریانە**

**لایەکت دەڕواو**

**لایەکت نووستووە**

**لایەکت لایەکت لایەکت......................**